زۆرێک لە ئافرەتان هاتن بۆ لای خێزانەکانی موحەمەد سکاڵایان دەکرد سەبارەت بە مێردەکانیان، ئەو (پیاوانە) لە باشترینەکانی ئێوە نین

لە ئیاسی کوڕی عبداللەی کوڕی ئەبی زوبابەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «لە ئافرەتان مەدەن». عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- هات بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ووتی: ئافرەتان سەرکێشی دەکەن وگوێڕایەڵ نین بۆ مێردەکانیان، ئەویش ڕوخسەتی دا بە لێدانیان، دواتر زۆرێک لە ئافرەتان هاتن بۆ لای خێزانەکانی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سکاڵایان دەکرد سەبارەت بە مێردەکانیان، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «زۆرێک لە ئافرەتان هاتن بۆ لای خێزانەکانی موحەمەد سکاڵایان دەکرد سەبارەت بە مێردەکانیان، ئەو (پیاوانە) لە باشترینەکانی ئێوە نین».

[سەحیح - ڕاست)] [رواه أبو داود وابن ماجه)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کرد لە لێدانی خێزانەکان، عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- هات بۆ لای، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئافرەتان سەرکێشی دەکەن وگوێڕایەڵ نین بۆ مێردەکانیان وڕەوشتیان خراپ بووە. ئەویش ڕوخسەتی دا بە لێدانیان لێدانێک ئازاردەر نەبێت ئەگەر هۆکارێک هەبێت بۆی وەکو جێبەجێ نەکردنی مافی مێرد و سەرپێچیکردنی وجگە لەمانە. دواتر زۆرێک لە ئافرەتان هاتن بۆ لای خێزانەکانی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سکاڵایان دەکرد سەبارەت بە مێردەکانیان بەوەی زۆر بە سەختی لێیان دەدەن، وئەم ڕوخسەتە بە خراپی بەکاردەهێنن، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئەو پیاوانەی لە خێزانەکانیان دەدەن بە لێدانی سەخت؛ ئەوانە لە باشترینەکانی ئێوە نین.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5821